# شیکشاببوم

## شارێکی سەرسامکەر*

*وەرگێڕان لەئینگلیزییەوە*

**تێبینیی وەرگێڕ لەسەر بابەتەکە و لەسەر شاری شیکشاببوم:**

هەرچەندە بابەتەکە دووردرێژ نییە، بەڵام هێشتا کەمێك کورتم کردەوە هەرچەندە چەند دێڕێکی کەم بەر ئەو کورت کردنە کەوتبوو. تێبینییەکانیشم لەسەر دەقەکە هێشتەوە هەرچەندە سوودیان بۆ خوێنەری ئاسایی نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە وەرگێڕانی ئەو تێبینییانە سوودی ئەوەیان هەیە خوێنەری ئاسایی بزانێت چۆن لەو دەقانە دەکۆڵرێتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم وەرگێڕانەشم کتێبەکەی هەردوو (ئایدم)و (لێسۆ)م دەستکەوت: یەکەمیان:ئەرشیفی شمشارە، بەشی یەکەم، نامەکان (ساڵی ٢٠٠١ بڵاوبۆتەوە، لێسۆش پێش ئەوە مردبوو) کە تەواوی نامەکانی شمشارەی تێدا هەیە. دووەمیشیان: "دەقە ئیدارییەکان" کە پێی وتراوە "بەشی دووەم" هەرچەندە زووتر دەرچووبوو (ساڵی١٩٩٢)و ئایدم بە تەنیا نووسیویەتی[١]. بەشێکی ئەرشیفی شمشارەش پێشتر لە چەند کتێبێك و گۆڤارێکدا بڵاوکراوبووەوە (لە ١٩٥٩ بەدواوە).

سەبارەت بە شاری شیکشاببوم کە هەروەها بەشێوازی شیکشامبیو شیکشامبوم هاتووە، ئەم کورتەیە دەخەینە ڕوو:

شارەکە لە دەقەکانی شمشارەو دەقی تردا ناوی براوە.پاش بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی تەواوی شمشارەش، بەتایبەتی بەشی نامەکان، زانیاریی باشترمان لەبارەی شارەکەوە هەیە.

(ئایدم) وای بۆ دەچێت شارەکە پایتەختی وڵاتی ئاخازوم **Ahazum** ـەو ئەم وڵاتە لەنێوان هەولێرو دەشتی ڕانیەدا بووە، وردتر لە دەوروبەری کۆیە[٢]، شیکشاببومیش بەبڕوای ئەو لەسەر زێ بووە، نزیك تەقتەق[٣].

پادشای ئاخازومی ئەو کاتە کەسێکی خاوەن ناوێکی ئاموری دەبێت ئەویش یاشوب ئاداد. پادشای ئاشوری؛ شامشی ئادادی یەکەم (١٨١٣-١٧٨١پ.ز) لە دوو نامەدا کە لە شمشارەدا دۆزرابوونەوە کارەکانی ئەم کابرایە دەخاتەوە یادی کوواری **Kuwari** ، فەرمانڕەوای شمشارە، کە کاتی نامەکە سەر بە پادشای ئاشوری بوو.

پادشاکە پێی دەڵێت کە چۆن یاشوب ئادادی ئاخازی هەر جارەی شوێنی پادشای وڵاتێك کەوتبوو هەرچەندە سوێندی دڵسۆزیی بۆ هەموو ئەو پادشایانە خواردبوو، بە شامشی ئاداد خۆیەوە. کابرا ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم پادشایەیە بەڵام دواتر وازی لێدێنێت و شوێنی یەکێکی تر دەکەوێت.

یاشوب ئاداد لەگەڵ گوتییەکاندا ڕێك کەوتبوو و ئەمانە چووبوونە ناو شاری شیکشاببوم. سەرکردەی ئەو کاتەی گوتییەکان ئێندوششێ (یان ئیندوششێ) **E/Indušše** ناوێك بوو.

* گۆڤاری هەزارمێرد ، ١٩ ، ئاداری ٢٠٠٢ ، ل ٣٢-٣٩. پەراوێزەکانی خوراهوەش هی خۆمانن.

[١] خانەی بڵاوکردنەوەی ئایزنبراونس **Eisenbrauns** ی دانیمارکی لەسەر داوای خۆم ساڵی ٢٠٠٣ هەردوو بەشەکەیان بۆ ناردم، بەڵام بەر لە پێنج یان شەش ساڵ برایەك لە دانیمارك، ئەویش هەر لەسەر داوای خۆم، بەشی دووەمی بە کۆپیکراوی بۆم ناردبوو (ئەو کاتە هەر ئەو بەشە هەبووە)، منیش وامزانی پەڕەکانی تەواو نین بۆیە نەمخوێندەوە. ئەو دوو بەشە جگە لە وەرگێڕانی دەقەکان زانیاریی باشیشیان لەبارەی ڕووداوەکانی ئەو کاتەوە تێدایە. ئەم بابەتەی ئێستاش کاك کۆزاد لە هۆڵەنداوە بۆ خۆم و برادەرانی مۆزەخانەی سلێمانی ناردبوو.

[2] ShA 1, p.22.

[3] ShA 1, p.23.

جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر لە تورووککییەکان چووبوونە ناو شارەکە. ئەمانە تووشی قاتی ببوون و بڕیار وابوو کوواری ئەوانەی ناتوانێت خواردنیان بداتێ ڕەوانەی شامشی ئادادیان بکات بەڵام ژمارەیەك لەمانە لەڕێگادا خۆیان ون دەکەن و دچنە ناو شاری شیکشابوم و شامشی ئاداد لەوە نیگەران دەبێت کە ئەمە ژمارەی دوژمن زیاد دەکات[1].

ڕووی لەوحەکە




ڕووی نامەی شمشارە ٨٨٨

تورووککییەکانیش خێڵێکی گەورەی خوررییەو تەنانەت بەڵگە هەیە کوواریش سەر بەوان بووبێت[2].

ئێتێللوم، فەرمانڕەوای ئارراپخا لەلایەن شامشی ئادادەوە، هێزی بردبووە ناوچەکەو زۆر هانی کوواریی دەدا بۆ ئەوەی پێکەوە پەلاماری شیکشابوم بدەن و تەنانەت پێی دەڵێت کە شیشکابوم دوژمنی هەردووکیانەو پێش گەشتنی شامشی ئاداد بە لەشکرەکەیەوە با پێکەوە گەمارۆی شارەکە بدەن و لای ئاغاکەیان بەرز ببنەوە[3]، بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئێتێللوم بێسوود بوون و کوواری سەرساردو کەمتەرخەم بوو[4].

ناوی شارەکە بەشێوەی شیشکامبی **Šikšambi** جگە لەوەی لە شمشارەدا هاتووە هەروەها لە نووسراوەکەی ئیدی سین پادشای (سیموررووم)شدا هەیە، مەبەست ئەو نووسراوەی کە بە بەردەکەی غەریب هەڵەدنی ناسراوەو ئێستا لەمۆزەخانەی سلێمانیدایە. (ئوم) **um** لە ناوەکەدا پاشگرێکی ئەکەدییەو ناوەکە لەبنەڕەتدا دەبێت شیکشابیی یان شیکشامبی... تاد بووبێت. زیاتر قەناعەتیشم بەوەیە ناوەکە شیکشامبییە.

ناوونیشانی نووسینەکەی لێسۆو سەرچاوەکە ئەوانەی خوارەوەن.

**Jørgen Laessøe, Šikšabbum:An Elusive City, in, Orientalia, vol. 54, 1985,pp.183-188.**

وشەی **elusive** جگە لە (سەرسامکەر) بەواتای (پێچوپەناکەر) یش دێت.

ئەم نامەیە ژمارە٨٨٨ی شمشارەیە **SH.888** (ئەم ژمارەیە هی تەرتیبی دۆزراوەکانە)و لە بەشی یەکەمی ئەرشیفی شمشارە(ئایدم ولێسۆ-٢٠٠١) ژمارە (١٢)ی دراوەتیّو لە لاپەڕە ٨٤-٨٥ وەرگێڕانەکەی لە ئەکەدییەوەو موناقەشەی ئەو وەرگێڕانە هەیە. لێرەشدا وەرگێڕانەکەی لێسۆم هێشتۆتەوە بەڵام لە کۆتایی ئەم باسەمدا وەرگێڕانە نوێکەی ئایدم ولێسۆم کردۆتە کوردی.

---

[1] ShA 1, no.13.

[2] ShA 1, p.25.

[3] ShA 1, no.39.

[4] ShA 1, nos.42, 43.

# بابەتەکەی لیسۆ

وایـن لـە بـاکووری عـیراقدا، لـەو شـوێنەی کـە ئێسـتا کوردسـتانی عیراقـەو لەسەدەی ١٨ی پێش زایین، لەمەش وردتر لەدەوروبەری ١٧٨٥ی پێش زایین، ئەویش بەلای کەمەوە بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوەی کرۆنۆلۆجی[١].

ئەو کاتە بوو شامشی ئاداد و ئیشمیٚ داگان Išmē-Dagān ی کوڕی‌و نوێنەری خەباتیان دەکرد لەپێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر میرنشینە خوررییە تازە پێگەیشتووەکان لەزنجیرە کێوەکانی زاگرۆسدا. ئەو کاتە بوو کە شاری وەکو ئارراپخا Arrapha و قابرا Qabrā و نورروگوم Nurrugum و ئێستاش بەپاڵ ئەمانەوە شیکشابوم Šikšabbum بۆ دەسەڵات و باڵادەستیی ئاشوری تیشکیان خستبووە سەر.



پشتەوەی نامەی شمارە ٨٨٨

دەتوانرێت پرسیار لەبارەی شوێنی شار یاخود شارۆچکەی شیکشابومەوە بکرێت، بەڵام زەحمەتە راستییەکە ئاشکرا بکرێت. تا ئێستاش لەهەندێك ئاماژەی تەمومژاوی لەبارەیەوە هیچی تر نییە.دەشێت شوێنەوارەکەی ئێستا بە شێوەیەك لەناو ئاوی پشتی بەنداوە بەرزەکەی دوکاندا ون بووبێت کە ئیتر ناکرێت ئەو شوێنەوارە رزگار بکرێت. یان ئایا دەبێت لەو دەشتەی ئەولاتر، لە رۆژهەڵاتی دەشتی ڕانیە یان دەشتی بتوێن بۆی بگەڕێین، بۆ نموونە تەپۆلکە گەورەکەی قەڵادزێ؟ جێی داخە لەسەر ئەم تەپۆلکە شکۆدارەدا نیشتەجێییەکی تا ڕادەیەك نوێ و بنکەیەکی پۆلیس هەیە[٢]. یاخود پێویستە باشوورتر یان ڕۆژهەڵاتی باشوور بگەڕێین ئەویش لە قەدپاڵی گردەکان لەزنجیرە چیای زاگرۆسدا؟

لەبەرگی سێیەمی پێرستی جوگرافیی دەقە مێخییەکاندا (ڤیسبادن١٩٨٠)[٣] ئەم شارە تایبەتمەندە شەش جار دبینرێت. ئەم شارە گرنگییەکی تایبەتی بۆ ئاشورییەکان هەبوو. شەش جاری ناوهاتنەکە لەژێر ئەم دوو ناو نیشانەن: شکیشامبوم Šikšambum و شیکشابوم Šikšabbum هەمووشیان لەنامەکانی گردی شمشارەوە هاتوون. بەهەرحاڵ گێلب J.Gelb.I بەلێزانییە ناسراوەکەی خۆی سەرنجی بۆ ئەوە راکێشام کە ئەم ناوە هەروەها لەدەقێکی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا (٢١١٢-٢٠٠٤ *پێش زایین، وەرگێڕ*) دەردەکەوێت کە لەلایەن فش Fish ەوە لەبەرهەمەکەیدا Catalogue of Sumerian Tablets in the John Rylands Library (Manchester 1932), 31 بڵاوکراوەتەوەو بەهەڵە ناوەکە خوێنراوەتەوە، بەڵام هەقی خۆیەتی وا بەهەڵە بخوێنرێتەوە چونکە کێ لەو کاتەدا ناوێکی‌وا سەیر دەناسێتەوە؟

---

[١] کرۆنۆلۆجی: مێژووی رووداو بەپێی تەرتیبی زەمەنییان مەبەستی (لێسۆ)ش کە دەڵێت ((بەلای کەمەوە بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوەی ....هتد)) ئەو تەقدیرانەیە بۆ ساڵەکانی ئەو سەردەمە. تێبینیی ئەوە بکە لێسۆ "مێژووی دانانی ناوەڕاستی وەرنەگرتووە".
[٢] بۆیە ناکرێت پشکنینی تیادا ئەنجام بدرێت.
[3]Répértoire Géographique des textes Cunéinformes III, Wiesbaden,1980.

ڕوو

*a-na Ku-wa-ri*
*qí-bí-ma*
*um-ma be-el-ka-a-ma*
*i-na pa-an wa-ṣé-e-ka pu-ru-us-sà-am*
*ad-di-na-kum ki-a-am ú-wa-e-er-ka*
*um-ma a-na-ku-ma šum-ma Ši-ik-ša-ab-bu-um*$^{KI}$
*it-ta-⸢aṣ⸣-ba-at a-na Ar-ra-ap-ḫi-im*$^{KI}$
*a-na pa-ni-ja al-kam*
*šum-[m]a Ši-ik-ša-ab-bu-um*$^{KI}$ *la iṣ-ṣa-bi-it*
*ṣa-ba-am bi-ir-tam a-na i-ta-at Ši-ik-ša-ab-bi-im*$^{KI}$
*li-ru-ub-ma at-ta ki-ma pa-ni-ka ma-a-tam*
*Šu-ša[r-r]a-a*$^{KI}$ *a-lik-ma* LÚ *mu-ki-il ⸢Šu⸣-šar-[r]a-a*$^{KI}$
*wa-e-⸢er⸣-ma ṣa-ab ḫa-«al»-la-aṣ Šu-šar-ra-⸢a⸣*$^{KI}$
*ṭù-ti-ka tu-ra-am-ma a-na ṣi-⸢ri⸣-[ja a]l-kam*
*a[n-n]i-tam ú-wa-e-er-ka wu-ú-ur-tum ši-m[a]*
*ša pi-i wu-ú-ur-tim ša ú-wa-e-ru-k[a] e-p[u-u]š*
*[a-n]u-⸢um⸣-[ma Ši-i]k-⸢ša⸣-am-bu-um*$^{KI}$ *it-ta-⸢aṣ⸣-ba-at-ma*
*⸢a⸣-na ⸢ma-a-at Šu⸣-šar-ra-a*$^{KI}$ *ta-at-ta-la-ak*
*[wu-u]d?-di a-na ṣi-ri-ja ta-tu-ra-am*
*[te₄-ma-a]m ma-la ta-la-am-ma-du*
*[a-na ṣi-]ri-ja ši-ta-ap-pa-ra-a[m]*
*[šum-ma ma-tum] ki-a-am ⸢ú-ul⸣ ki-a-am wa-aš-ba-at*
*[. . . . a-n]a Šu-šar-r[a-a*$^{KI}$*] ṣa-ba-am ša ma-tim e-li*-tim**

قەراغی خوارەوە

*[. . . . a-na ṣi-r]i-ja i-š[a-ap-p]a-ra-am-ma*
*[te₄-em-ka] ⸢a-na ṣi-ri-ja ši⸣-tap-pa-ra-am-ma*
*[aš-šum] i-di*

پشتەوە

*[ša]-ni-[tam] a[š]-š[u]m a-na* LÚ *Lu-ul-li-im*$^{KI}$
*[n]a-pi-iš-ti-ja la-pa-ti-im*
*[ša t]a-aq-bi-⸢im⸣!? qa-ta-a-ja*
*[ú-u]l m[e]-se-e* MA ME UM *ki-nam*
*[...(...)]-ma? ⸢ú-ul⸣ ú-ša-az*-ki-ru*-šu-nu*-ši-im*
*[as-s]ú-⸢ur⸣-ri i-na li-ib-bi-šu mi-⸢im⸣-ma i-k[a]-ap-pu[-ud]*
*[. . . . m]a* LÚ *[wa-]ar-ku-ti-šu li-il-li-ku-nim-ma*
*[ni-i]š* DINGIR.MEŠ *⸢. . . . .⸣-šu-nu-ši-im*
*⸢ù⸣ a-na-ku an-[na]-n[u-u]m* IR$^{di}$*-ja lu-úš-pu-ur-ma*
*[ni]-iš* DINGIR.MEŠ *li-sa-áz-ki-ru-šu-nu-ti*

هێماگۆڕینی نامەی شمشارە ٨٨٨

ناوەکە دەبێت وا بخوێنرێتەوە شیکشابی Ši-ik-ša-bi$^{ki}$ و جارێکی تر ئەمە شایەتی بۆ ئەو راستییە دەدات کە پادشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور تەواو وشیار و ئاگاداری گرنگیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری پادشانشینەکە بوون (شاشروم Šašrum، شوشاررا Šušarra؟).

من ئەو هەلەم قۆزتبوو بۆ ئەوەی یەك دوو ئاماژەی تر بۆ شارە تەمومژاوییەکەی شیکشاببوم پێشکەش بە هاوڕێی ڕێزدارم پرۆفیسۆر یان فان دیك Jan Van Dijk بکەم بۆ ئەوەی لێیان ورد بێتەوە، ئاماژەکان لەنامەیەکدان کە لە گردی شمشارە لەعیراقدا کە باش دەیناسێت، دۆزرابووەوە، نامەکە کە وێنەیەکی دەستیی لێرەدا پێشکەش دەکەم، هی دەزگای وەقفی (کارلسبێرگ)ـە، بەڵام لەو کاتەوەی دۆزرایەوە لە پەیمانگەی ئاشۆرۆلۆجی لە زانکۆی کۆپنهاگندا دانراوە.

نامەکە لەئاستی زەویی ژوورەکەدایە پێکەوە لەگەڵ ئەو ئازووقەیەی لە کتێبی (لەوحەکانی شمشارە) لە ٢٥ بەدواوە The Shemshara Tablets (1959) وەسفم کردبوو.[١] لاکانی لەوحەکە بەم جۆرەن: بەرزی ١١سانتیمەتر،پانی ٥,٧سانتیمەتر، ئەستوورییەکەی لەبەشی ناوەڕاستیدا ٣,٦سانتیمەتر.

بەواتایەکی تر، لەوحێکە بەتەواوی گەورەیە بۆ نامە. پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەوەی پێشتر ناوم نابوون دێڕی ١٦ و دێڕی ١٧ خەتیان لەنێواندا نییەو کەوا دێڕی ١٧ بە دەستوخەتێکی زۆر وردتر لەباقی نامەکە نووسراوەتەوە. بەبۆچوونی خۆشم لەوە دەچێت پێویستی کردبوو وەستانێك هەبێت لەوتنی بابەتی نامەکە بۆ نووسەرەکەو وەك چۆن لەو کاتەدا نامەیەك گەشتبێت دەڵێت شیکشاببوم هەر ئێستا گیراو بەم جۆرە خوێندنەوەی بابەتی نامەکە بۆ نووسەرەکە لەوێوە بەردەوام دەبێتەوە. ڕەنگە خەیاڵاوی بم، بەڵام بەهەر حاڵ نامەوێت ئەمەم زۆر بە جددی وەربگیرێت.

لەخوارووتر نامەکە دەخەمە ڕوو، بەڵام بێ ئەوەی سوپاسی شیاوم لەیاد بچێت. قەرزاری زۆری چاکەی (ثۆرکلید یاکۆبسن)م کە مانگێکی لەکاتی خۆی لەپایزی ١٩٨٢ لە ماڵەکەیدا لە (نیو هامپشایر)دا دانا بۆ پێداچوونەوەی هەموو نامەکانی شمشارە لەگەڵمداو ئەوەندەی فێر کردم لەوە زیاتر کە هەرگیز بتوانم بۆ ئەو فێرکردنە سوپاسی بکەم، دەمەوێت هەروەها سوپاسی یاسپەر ئایدم Jesper Eidem، قوتابیی خوێندنی باڵا لەپەیمانگەکەمان لەزانکۆی کۆپنهاگن بکەم کە لەگەڵ ئەودا بۆ ماوەی دوورودرێژ لەسەر ئەم دەقانە ئیشم کرد و کە بۆچوونەکانی ئەو زۆر جار ڕاکانی دەگۆڕیم سەبارەت بە خوێندنەوەی باشتری دەقەکان. لەو باوەڕەشدام کاتی هاتووە پۆزشە باوەکە دەربڕم کە هەر هەڵەیەك لەهێماگۆڕین و وەرگێران (یان هەر کەموکورتییەك لەمانە) بەتەواوەتی خۆم لێی بەرپرسم و هەرکەسێك بەمانە دەچێتەوە دەبێت ئەمەی لەیاد بێت.

بەر لەوەشی کەمێك تێبینی بخەمە ڕوو سەبارەت بەو نامەیەی شمشارە کە ئێستا پێشکەشی پرۆفیسۆر (ڤان دیك)ی دەکەم ڕەنگە پێویست بێت بڵێم کە تەعبیری ((زۆر بەجیدی نەزانرێم)) داهێنانی خۆم نییەو ئەمە بوو سی. لیونارد ووڵی C. Leonard Wolley کە دواتر بە سێر لیۆنارد ووڵی ناسرا نووسیبووی لەکۆتایی پێشەکییەکی کتێبی Dead Towns and Living Men. Being Pages from an Antiquary's Notebook لە (کیدۆس) ساڵی ١٩١٨.

پێویستە هەروەها بڵێم کە ئەستێرەی پاش هەر هێمایەك لەناو هێما گۆڕینەکەدا نیشانەی ئەوەیە وا دیارە هێماکە لەسەر شوێنی کوژانەوە نووسرابێتەوە.

## وەرگێڕان:

((بڵێ بە کوواری Kuwari: وەها ئاغاکەت (دەڵێت). پێش دەرچوونت (دێڕی ٥)بڕیارێکم پێ ڕاگەیاندی. ئەمە بوو کە وتبووم:((ئەگەر شیکشاببوم گیرا بوو وەرە بۆ لام لەئارراپخادا[٢] ئەگەر شیکشاببوم نەگیرا (دێڕی ١٠)(ئەوکاتە) با سەربازەکانی حامیەکە بچنە دەوروبەری شیکشاببوم و تۆش ئەو شتە بکە کە دەتەوێت. بچۆ بۆ[٤] وڵاتی شوشاررا و فەرمان بدە بەسەرپەرشتیاری شوشارراو با سەربازەکانی شار قایم کردن بگەڕێنەوە لەگەڵ خۆتدا. وەرە بۆ لام)). (دێڕی ١٥)ئەمەیە ئەو فەرمانەی دام پێت، گوێ بگرە بۆ فەرمانەکە، بەپێی ئەو فەرمانەی دام پێت بجووڵێرەوە. ئێستا شیکشاببوم گیراو تۆ چوویتە وڵاتی شوشاررا. بێگومان[٣](Wudi) تۆ گەڕایتەوە بۆ لای من. (دێڕی ٢٠)بە شێوەیەکی مونتەزەم زانیاریم بۆ بنێرە ئەوەندەی دەبینیت [ئەگەر وڵاتەکە[٤] ] بەم بارەدا دەکەوێت یان بەو بارەدا [سەرپەرشتیار[٤]]ی شوشاررا سەربازەکانم لەباکووری وڵاتەکەوە بۆ دەنێریت. (دێڕی٢٥)زانیارییەکانت بەشێوەیەکی ڕێك وپێك بنێرە تا ئاگادارابم.

---

[١] کتێبی لەوحەکانی شمشارەی (لێسۆ) بریتییە لەڕاپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی پشکنین لە شمشارەو وەرگێڕانی هەندێك لەنامەکانی شمشارەی تێدایە. بڕوانە کتێبەکەمان ؛(چیرۆکی شمشارە). کتێبی (لەوحەکانی شمشارە) لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن کاك عەزیز گەردییەوە کراوەتە کوردیو لای برادەرێك چاوم پێی کەوت و ناتوانم لێرەدا تێبینی لەسەر بڵێم، بەڵام لەوە دەچوو وەرگێڕ خۆی زۆر پێوە ماندوو کردبێت.

[٢] ئارراپخا لێرەدا و لەنامەکانی ئەو سەردەمە بەگشتی لەگەڵ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدیدا هاتووە واتە ئارراپخوم Arraphum ئارراپخوم. لەم نامەیەدا لەحاڵەتی (جەڕ)دا هاتووە و بۆتە Arraphim

[٣] وشەی naturally (طبعا)بەکارهاتووە کە ئەوەندەی بزانم لەکوردیدا بەرامبەری نییە.

دووەم، سەبارەت بە دەستدان لەگەردنی خۆم بۆ پیاوی لوللو (واتە: سوێندخواردن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ کابرای لوللو؟)، کە بۆت باس کردم، دەستەکانم (دێری ٣٠)پاك نەبوونەتەوە .......... ئەوان .......ەکەی ئەویان نەکرد.... سوێند بخۆ بۆیان. بەدڵنیاییەوە(دواتر) لەدڵی خۆیدا پلانێك دەگێڕێت، (ئێستا) با نوێنەرە پێشووەکانی بێن و سوێندێکیان بۆ بخۆ بەخواوەندەکان (دێری ٣٥)و سەبارەت بە خۆم با خزمەتکارەکانم لێرەوە بنێرم و با سوێند بەخواوەندەکان بخۆن.

## تێبینی لەسەر نامەی
## (شمشارە ژمارە ٨٨٨ SH.888)

دێڕی٣: گومانی تێدا نەماوە کە **bēlum** (واتە ئاغا) بریتییە لە شامشی ئادادی یەکەم: **Assyriological**[1] **Studies,16, 1965, 189n.2**.

دێڕی ١١تا ١٢[2]: بەتەواوی دڵم بە سینتاکسی **alik Šašarrā mātum** خۆش نییەو بەدوای تەفسیرێکی باشتردا دەگەڕێم.

دێڕی ١٧: نووسینی وردتر، خەتیش نییە نێوان دێڕەکان[3].

دێڕی ١٩: **wudi** یان لەوانەیە **wuddi** تەقریبەن گومانێکە[4]. بۆچی شامشی ئاداد کات بەفیڕۆ دەدات و بڵێت: بێگومان[5] تۆ گەڕایتەوە بۆ لام؟ بڕگەکە هەمووی ئاماژەیەکم دەخاتەوە یاد کە لەهێزی دەریای ئینگلیزی لەکاتی جەنگدا زۆر دووبارە دەبووەوە ئەویش: بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار بکە.

دێڕی٢٢: **wašbat** ئەگەر تەواو خوێنرابێتەوە پێویست بە بکەری مێینە دەکات.

دێڕی ٢٦: پێش **i-di** پێشنیاری **[aš-šum]**م کرد. یاسپەر ئایدم پێشنیاری (**lu-ú**) یەکی کرد. ئێبە کنودزن **Ebbe Knudsen** بەتەواوەتی قەناعەتی بەپێکهاتی ئیعرابی نەبوو، منیش وای بۆ دەچم کە لەمەدا ڕاستی کردووە. پێشنیارەکەی بریتییە لە (**a-na-ku**) لەسەرەتای دێڕەکەدا. بەراوردی نووسینەکان دەریخستبوو کە شوێنێکی گەورە هەیە بۆ ئەم سێ هێما کورتە. وام بڕوایە وەرگێڕانەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (پێشنیارەکەی پرۆفیسۆر کنودزن پاش ناردنی دەستنووسی ئەم بابەتەم بۆ کارمەندانی گۆڤارەکە پێی ڕاگەیاندم).

دێڕی٣٠: (....) بۆ **ki-num** ڕوونکردنەوەیەکم نییە جێگەی قبووڵ بێت. ئاواتە خوازم یەکێك هەڵسێت و بڵێت: بێگومان وەها بیخوێنەرەوە:...............[6].

دێڕی٣٣: دەکرێت وا بخوێنرێتەوە: **LÚ.M[EŠ] re-sú-ti-šu** ((پشتیوانەکانی))، ((سەربازە یەدەکەکانی)).

دێڕی٣٦: بۆ --**sa**(لەجیاتی /**ša**/) بڕوانە بۆ نموونە:

**André Finet, L' accadien des lettres de Mari (1954), 18, § Iib**

---

[1] نێردەری ژمارەیەك لەنامەکانی شمشارەدا (ئاغاکەت)ە. پێشتر (لێسۆ) گومانی لەوە هەبوو ئایا شامشی ئاداد بووبێ یان ئێشمێ داگانی کوڕی کە بەرپرس بوو لەبەرەی ڕۆژهەڵات. لێرەدا لێسۆ گومانی نەماوە.

[2] بەهەڵە نووسراوە دێڕی ١٠-١١.

[3] لەم دێڕەدا ()١٧ لێسۆ شوێنی هێما شکاوەکانی وا خوێندۆتەوە: **a-nu-um-ma** و دێرشەکە لای ئەو دەبێتە: ئێستا شیکشامبوم گیرا، بەڵام ئایدم وای دەخوێنێتەوە: **šum-ma** . بڕوانە قسەکەی لێسۆ سەبارەت بە دێڕی ١٧ و نەبوونی خەت...تاد.

[4] واتە بەدڵنیاییەوە دای نەناوە چونکە دوو هێمای یەکەمیوشەکە شکاون.

[5] هەمان وشەی **naturally** لەپەراوێزێکی سەرووتردا.

[6] لێسۆ ((بێگومان وەها بیخوێنەرەوە.....)) بەئەڵمانی نووسیوە.

**Assyriologisk Institut**
**Kejsergade 2**
**DK-1155 København K**[1]

## (کۆتایی بابەتەکەی لێسۆ)

**وەرگێڕانی ئایدم و لێسۆ (ئەرشیفی شمشارە-١)**

((بلێ بە کوواری: وەها ئاغاکەت (دەڵێت). پێش دەرچوونت بڕیارێکم پێ ڕاگەیاندی. ئەمە بوو کە وتبووم: "ئەگەر شیکشاببوم گیرا وەرە بۆ لام لە ئارراپخادا، ئەگەر شیکشاببوم هێشتا نەگیرابوو (دێڕی١٠)(ئەو کاتە) با سەربازەکانی حامیەکە[2] بچنە دەوروبەری شیکشاببوم و تۆش، بەپێی ئیجتهادی تایبتی خۆت، بچۆ بۆ شوشاررا و تەعلیمات بدە بە فەرماندەیەکی شوشارراو سەربازەکانی ناوچەی شوشاررا لەگەڵ خۆت هەڵگرەو ورە بۆ لای خۆم ". ئەم فەرمانەم پێ دای. ئەو فەرمانەی وەها بوو. (ئێستاش) بەپێی ئەو فەرمانەی دام پێت بجووڵێرەوە. ئەگەر شیکشاببوم گیراو تۆ دەچیتە وڵاتی شوشاررا ئەو کاتە تا دەگەڕێیتەوە بۆ لام (دێڕی ٢٠) پێویستە بەردەوام هەرچی زانیارییەکەت دەستکەوت بۆم بنووسی [ئەگەر] وا [ نەبوو] و تۆ لەوێدا دەمێنیتەوە با [فەرماندەی ]سەربازەکان وڵاتی سەرووم بۆ بنێرێت [و] پێویستە [تۆ] بەردەوام بۆم بنووسی تا زانیاریم هەبێت..

دووەم، سەبارەت بە دەستدان لەگەردنی خۆم بۆ پیاوی لوللو (واتە: سوێندخواردن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ کابرای لوللو؟)، کە بۆت باس کردم، بە بێ ئەوەی دەستەکانم (دێری ٣٠)پاك بووبێتنەوە مێسکینوم **Meskinum** [ـم نارد ] و ئەوان نەیندەهێشت سوێند بخوات بۆیان. دەترسم (خراپ) لەمە بڕوانن . [بنێرە ] بۆ پیاوەکان کە دەبێت بە دەستبەتاڵییەوە بێن تا بتوانم سوێندیا بۆ بخۆم یانیش لێرەوە خزمەتکارەکانم و دەتوانن سوێندەکەیان پێ بدەن.

---

[1] ئەم سێ دێڕە ناوونیشانی نووسەرە.

[2] بڕوانە **ShA 1, p.85** بۆ موناقەشەی وەرگێڕانی"سەربازەکانی حامیەکە" و پێشنیاری دوران **Durand** کە ئەمە"سەربازە نێردراوەکان"ـەو وەڵامی ئایدم.